# تەوەرێک لە سەر نەخۆشیەکانی گوورچیلە -Nephrotic disease -






گوڵاڵە پشدەری - هۆڵەندا

گوورچیلەکان و بەرزی پەستانی خوێن Hypertension-زۆر بە یەکەوە پەیوەستن، گوورچیلەکان ئەرکی رێکخستنی بەشەکانی زۆر گرنگی لەشیان پێڕاسپاردراوە وەک :

**پێرست :**

-1گوورچیلەکانت زۆر گرنگن بۆ ژیان
-2گوورچیلەکانت چۆن کار ئە کەن؟
-3تویژینەوە و لێکۆڵینەوە لە بارەی گوورچیلەکان
-4گوورچیلەکان و بەرز بوونی پەستانی خوێنHypertension -
-5گوورچیلەکان و نەخۆشی شەکرەی خوێن Diabetes -
-6گوورچیلەکان، نەخۆشی گوورچیلەکان و تووانای زاوزێ
-7کێشەی ویراسی بلۆقە کانی گوورچیلە Genetic Kidney Cyst
-8بەردی گوورچیلە Kidney Stone -
-9التهاب ڕێگای میزCystitis Inflammation&Urethritis Inflammation-
-10التهابی بەشی پاڵاوگەی(فیلتەری) گوورچیلە Glomerulonephritis -
-11غودەی گوورچیلە Kidney tumor-
-12کەمتر کارکردنی درێژخایەنی گوورچیلە Chronic Renal failure of kidney failure -
-13پاڵاوتنی خوێن Dyalese-

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

14-گۆڕینی گوورچیله Kidney Transplantation -

15-سەرچاوەکان

## بەشی چووارەم

## گوورچیلەکان و بەرزبوونی پەستانی خوێن Hypertension -

### هاوکاریان زۆر بە یەکەوە پەیوەست و ئاڵۆزە

گوورچیلەکان و بەرزی پەستانی خوێن Hypertension-زۆر بە یەکەوە پەیوەستن، گوورچیلەکان ئەرکی ڕێکخستنی بەشەکانی زۆر گرنگی لەشیان پێڕاسپاردراوە وەک :

1-ئاو- تەڕایی لەش Extravasculair,Intravasculair(plasma), Transculair،

2-ڕێژەی خوێی لەش Sodium(Na)

3-ڕێژەی خوێن لە سوڕانی خوێن دا bloodcirculation -

چەند بەرزبوونی پەستانی خوێن Hypertension پەیوەستە بە ئەم خاڵانەی ئاماژە پێکراو. نەخۆشییەکانی گوورچیلە کاریگەرن لە سەربەرزبوونی پەستانی خوێن و بە پێچەوانەش ئەبێت کە بەرزبوونی پەستانی خوێن کاریگەری هەبێت لە سەر درووست بوونی کێشە و نەخۆشی گوورچیلەکان .

### نەخۆشی بەرزبوونی پەستانی خوێن چیە؟

ئەوە زانیاری دەدات لە بارەی پەستانی خوێن لە ناو بۆڕی خوێنبەر. Artery-
دوو جۆر پەستانی خوێن هە یە: پەستانی خوێن ی سەرەوە (Systole)و پەستانی خوێن ی خووارەوە (Diastole)

پەستانی خوێن ی سەرەوە ئەوەیە کە ئەو کاتەی کە پەستان بە بەرزترین لووتکە دەگات و دڵ خۆی دەگووشێت و خوێن پاڵپێوەدەنێت .

created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

پەستانی خوێن هی خووارەوە ئەوەیە کە پەستان لە نێوان دوو جار لێدانی دڵە یان Heart Rate=the frequency of the Cardiaccycleئەو پەستانە بە گوێرەی– mmHg جیوە دەپێوەرێت و بە دوو ژمارە دەنووسرێت، بۆ نموونە ئەگەر 80/120 بێت واتا 120 پەستانی خوێن هی سەروویە و 80 پەستانی خوێن هی خواوروەیە .

## ئەو فاکتۆرانەی کە پەستانی خوێن دەستنیشان دەکەن

سوڕانی خوێن دەتوانین وەک کارکردنی پۆمپێک ببینین کە مادەی شل/تەڕایی پاڵپێوەدەنێتە ناو سۆندەیەک.

دڵ خۆی وەک پۆمپ، خوێن وەک مادەی شل/تەڕایی و سۆندەکەش وەک بۆڕی خوێنبەرە arthery پەستان لە ناو سۆندە پەیوەستە بە 3 فاکتۆر :

-هێز و خێرایی کە پەمپەکە، مادە شلەکە لە ناو سۆندە پاڵپیوەدەنیت
-ناوقەد یان ئەستووری سۆندەکە
-چ ڕێژەیەک/ئەندازەیەک مادەی شل بە ناو سۆندەکە دادە ڕوات .

## به گوێرەی سوڕانی خوین بەرزی پەستانی خوێن دەستنیشان دەکرێت بە ئەو خاڵانەی خووارەوە :

-1هێز و خێرایی کە دڵ خۆی دەگووشیت

پەستانی خوێن بەرزتر دەبێتەوە ئەگەر هەستەکان گرژ ببنەوە-Stress&Emotion ئەوەش دەرەنجامی ئەوەیە کە دڵ بە هێزێکی زۆرەوە بە خێرایی خۆی دەگووشێت. ئەگەر دڵ لەسەرخۆتر (Heartaction)کاری خۆی بکات ئەوا دیسان پەستانی خوێن دادەبەزێتەوە .

-2ناوقەدی- ئەستووری بۆڕیە خوێنبەرە بچووکەکان

فراوانی یان ناوقەدی بۆڕییە خوێنبەرە بچووکەکان گرنگترین فاکتۆرن بۆ دەستنیشانکردنی پەستانی خوێن لە کاتێ پشوودان یان ئیسراحەتدا .

لە لەشدا ڕێژەیەکی بەرچاو لە مادەپێکهاتەکان دەسووڕێنەوە کە گاریگەرییان هەیە لە سەر فراوان یان تەسک کردنەوەی بۆڕییەکانی خوێن. ئەو مادەپێکهاتانە گوورچیلە خۆی درووستیان دەکات .

-3ڕێژە-ئەندازەی خوێن کە دەسووڕێتەوە

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

چەند خوێن دەسووڕێتەوە لە لەشدا لە ناو سنووڕێکی تەسکدایە. لێرەدا گوورچیلە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە، کە ئەو ئەرکی ڕێکخستنی پاشماوەکان وەک خوێی لەش و ئاو-تەڕایی پێسپاردراوە .

وێنەی1

1.هێز و خێرایی کە دڵ خۆی دەگووشێت
2.ناوقەدی بۆڕی خوێنبەر
3.ڕێژە یان یەندازەی خوێن کە دەسووڕێتە وە

## کەی مرۆڤ باس لە بەرزی پەستانی خوێن دەکات Hypertension-؟

بەڕاستی ناتواندرێت بە دڵنیای بگووترێت کەی  پەستانی خوێن بەرزە. ئەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی ترەوە جیاوازە.
بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤ باس لە بەرزی پەستانی خوێن دەکات کە لە کاتێ پشوودان-ئیسراحەتدا دوای چەند جار پێوان
پەستانی خوێن هی خووارەوە لە سەرووی 95 mmHg دابێت و یان پەستانی خوێن هی سەرەوە لە سەرووی 160 mmHg دابێت.لە گەنجاندا بە شێوەیەکی گشتی ئەو ڕێژەیە نزمترە لە بەساڵاچووان .

ئەو نەخۆشانەی گوورچیلە کە نەخۆشی بەرزی پەستانی خوێنیان هەیە سنووڕێکی نزمتریان بۆ داڕێژراوە ئەویش:(135/80 mmHg یان 75/125 mmHg ) ئەوەش پەیوەستە بە تا چ ڕادیەک لە دەستدانی Protein ، چۆنکە بەرزبوونی زیانمەندە بۆ گوورچیلە .

## هۆکارەکانی بەرزی پەستانی خوێن

تا ڕادەی 90% مرۆڤ ناتوانێت هۆکار بۆ بەرزی پەستانی خوێن بدۆزێتەوە.ئەوسا مرۆڤ باس لە Essential hypertension
10%تری دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری نەخۆشییەکانی تر(دوواکێشەی نەخۆشیەکانی تر ).ئەگەری هۆکاری نەخۆشی بەرزی پەستانی خوێن لە نەخۆشەکانی تەمەن گەنجدا کە نەخۆشی گوورچیلەیان هەیە زۆرە .

## دوواکێشەکانی بەرزی پەستانی خوێن Complication-

بەرزی پەستانی خوێن لە ماوەی درێژخایەندا بەرەبەرە زیانمەندی و تەسکی لە ناو بۆرییەکانی خوێن درووست دەکات. ئینجا لە بەر ئەوە خوێن کەمتر دەتوانێت بڕوات بۆ ئۆرگانە جۆراوجۆرەکان. کەمتر خوێن

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

گەیشتن بە ئۆرگانەکان هۆکارێکە بۆ نەخۆشییەکانی دڵ وک Infarct,CVA=cerberale : vasculaire accidentو زیان بە گوورچیلەکان .

ئێمە بەس لێرەدا باسی زیانمەندی گوورچیلە دەکەین،کە بە هۆی کەمتر بۆ چوونی خوێن بۆ فیلتەری گوورچیلە تووشی کەمکاری/سستکاری دەبێت .هەرکاتێک کە کاری فیلتەر کەمتر بۆیەوە، ئەوا هەندێک مادەپێکهاتە دەدەخات کە کاریگەرن لە سەر زیاتر بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن. جاری وایە کە بە هۆی پەستانی بەرز ،زایتر خوێن لە ناو بۆرییە تەسکەکانی  خوێن بجووڵێت، بەڵام لە هەمان کاتدا زیاتر زیان بە بۆریەکانی خوێن دەگات. بە ئەم شێوەیە ئەڵقەیەکی سوڕان درووست ئەبێت کە لە سەر یەکتر کاریگەریان دەبێت، ئەوەش کە زۆری خایەند دەبیتە هۆکاری درێژخایەنی سستکاری گوورچیلە Renal failure

وێنە:2

1.بەرزی پەستانی خوێن
2.بۆری خوێن تەنگ بۆتەوە
3.بۆری خوین زیانمەدن بووە
4.گوورچیلە زیانمەند بووە

## توێژینەوە لە بارەی بەرزی پەستانی خوێن

ئەگەر نەخۆشی بەرزی پەستانی خوێن دەستنیشان کرا، توێژینەوە ڕووی دەکاتە سەر ئەو خاڵانەی خووارەوە :

1 .لێکۆڵینەوە لە بارەی هۆکاری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن

2.گەڕان بە دووای ئەگەری زیانگەیشتوو بە دڵ، مێشک، چاوەکان و گوورچێلەکان کە لەوانیە دەرەنجامی بەرزی پەستان خوێن ڕوو بدات .

لە لێکۆڵینەوە بە دووای هۆکارەکاندا مرۆڤ زۆر بایەخ بە گوورچیلەکان دەدات. بۆ ئەوەی کە زیانگەیشتن بە گوورچیلە  بتواندرێت دەستنیشان بکرێت، مرۆڤ هەندێک لێکۆڵینەوە و توێژینەوە دەکات لە سەر خوێن، میز و هەروەها  Echo ئەنجام دەدات ،ئەگەر گۆڕانکارییەک لە Echo دا دەرکەوت ، هەروەها لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەنجامی وێنە بە تیشکی Röntgen پێویست دەکات .

## چارەسەری بەرزی پەستانی خوێن Treatment of hypertension

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

چارەسەری بەرزی پەستانی خوێن زیاتر بە پارێز لە بەکار هێنانی خوێ و هەندێک خۆراک، دەرمان و جاری وایە بە هەردوو شێوەیان .

هەڵبژاردنی ئەو شێوەیە پەیوەستە بە تا چ ڕادەیەکبەرزیەکەی پەستانی خوێن  پەرەی ستاندووە؟
ئەگەر زیان بە گوورچیلە دەستنیشان کرابێت وە ک هۆکاریکی بەرزی پەستانی خوێن، ئینجا مرۆڤ  هەوڵی چارەسەری لە سەر ئەو دەکات .

نەخۆشەکانی گەنج کە نەخۆشی گوورچیلەیان هەیە، هەندێکیان کێشەکە یان  لە زگمانگەوەیە واتا: بە هۆی تەسکی بۆڕیەکانی خوێنبەر کە بۆ گوورچیلە دەڕۆن، ئەوان هۆکارن لە سەر بەرزبوونی پەستانی خوێن .

ئەو کێشەیە لە بە ساڵاچوواندا دەرەنجامی Arthrosclerose واتا بۆڕیەکانی خوێن بەڵغیان گرتووە لە ناوەوەدا.ئەو گیرانە یان تەنگییە بە نەشتەرگەری Dotteropration چارەسەر دەکرێت .

## پارێز لە بەکار هێنانی خوێ

پارێز لە خوێ کردەوەیەکی زۆر گرنگە بۆ سەر چارەسەری بەرزی پەستانی خوێن. ئەوە زیاتر نەخۆشەکانی کە نەخۆشی گوورچیلەیان هەیە دەگرێتەوە، ئەوانە زیاتری کات کێشەیان هەیە کە لەشیان ناتووانێت خوێ فڕێ داتە دەرەوەی لەش. ئەگەر بەرزی پەستانی خوێن لە ڕێژەیەکی  زۆر بەرز دا نەبێت ، ئەوە بە پارێز لە خوێ دەتووانرێت دابەزێت .

خۆپاراستن لە گرژی ڕۆح و جەستە    Stress و جووڵانەوە-وەرزش، دابەزاندنی کێش و تەرککردنی سیگار کێشان فاکتۆرەکانی گرنگن لە دابەزینی بەرزی پەستانی خوێن .

## دەرمان بەکار هێنان

بۆ چارەسەری دابەزاندنی بەرزی پەستانی خوێن دەرمانی جۆراوجۆر هەن. ئەو دەرمانانە هەر کامێکیان بە شێوەیەکت -مێکانیزمێکی تایبەتی خۆیان کار دەکەن لە سەر ڕێکخستنی پەستانی خوێن .

بە ئەو شێوەیە هەندێک دەرمان هەن کە پەمپێدانی دڵ لەسەرخۆ دەکەنەوە، هەندێک دەرمان هەن کە بۆڕییەکانی خوێن فراوان دەکەنەوە و هەندێکیان ئاو/تەڕایی و خوێی لەش لە لەش دەکەنە دەرەوە .

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

جاری وایە ئەو دەرمانانە هاوکات بەیەکەوە بەکار دێن) تێکەڵ) و جاری وایە بە جیا. ئەگەر بەرزی پەستانی خوێن زۆر تەشەنای کردبێت ئەوا شێوەی تێکەڵ پێویستە بەکار بهێندرێت. نەخۆشەکانی کە نەخۆشی گوورچیلەیان هەیە پێویستە

دەرمانەکان بە ڕێک و پێکی و بە کاتی خۆی بەکار بهێندرێن .
بێجگە لە بەکارهێنانی دەرمانی دابەزاندنی بەرزی پەستانی خوێن هەروەها چارەسەری کردنی بە باشی گوورچیلەی زیانمەند زۆر گرنگە، چارەسەری بەرزی پەستانی خوێن هی ئەو کەسانەی کە نەخۆشی گوورچیلەیان هەیە کارێکی تایبەتمەندە و ئەزموونی زۆری دەوێت .

سەرچاوەکان:


ک U en UW Gezondheid/نووسینی Drs.Luc De Vries & Drs.Sandra Schrooyen

www.nierstichting.nl

www.wikipedia.nl\



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image